٤. **بەڕێوەبەرێتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان** : بە مەکتەبی وەزیرەوە دەبەسترێ .
٥. دایەرەی یاسایی : بە وەزیرەوە دەبەسترێ .

**سێیەم : ئەنجومەن** : لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت و دایەرەکانی دیکەی سەر بە وەزارەت و ژمارەیێ لە پزیشکە پسپۆرەکان و هەر فرمانبەرێکیش کە وەزیر لە گەڵیاندا دایبنێ ، پێك دێت .

**ماددەی دووەم** : هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار .

**ماددەی سێیەم** : پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی چوارەم** : ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە ( وەقایعی کوردستان ) دا دەخرێتە بەرکار .

**د . رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

---

## " فـەرمـانی وەزاری "

پشت بە ئەحکامی مادە/٣ لە یاسای ژمارە/١٢ی ساڵی١٩٩٢، یاسای وەزارەتی داد و یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠و یاسای میلاك ژمارە/٢٥یساڵی ١٩٦٠ورێنماییەکانی دارایی ، بریارمان دا ئەم رێنماییەی خوارەوە دەربکرێت:

## رێنمـاییـەکـانی ناونیشـان گـۆرینی فـەرمانبـەران
## ژمارە/ ١ ساڵی ٢٠٠١

ئـەرشـیـفی رۆژنـامـەی وەقـایع
www.mojkurdistan.com

١. فەرمانبەر ناونیشانی ناگۆردرێت ئەگەر وەزارەت بە پێی ئەو میلاکەی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە بۆی پەسەند کراوە، پێویستی بەناونیشانەکە نەبێت .
٢. فەرمانبەر ناونیشانی بۆ (یاریدەری دادوەری) دەگۆڕدرێت ئەگەر:
أ. دەرچووی کۆلێژی یاسا ، یان ماف بێت .
ب. دەرچووی یەکێ لە کۆلێژە مرۆڤایەتییەکان بێت و (٥) پێنج ساڵ بەسەردامەزرانیدا تێپەڕبووبێت.
ج. دەرچووی پەیمانگای هونەری ،بەشی یاسایی یا کارگێڕی بێت وحەوت (٧) ساڵ خزمەتی هەبێت.
د. دەرچووی ئامادەیی بێت وله(١٠)دە ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێت .

١. فەرمانبەری مافپەروەر ناونیشانی بۆ لێکۆڵەری دادی دەگۆڕدرێت ئەگەر دەرچووی خولی بەهێزکردنی لێکۆڵەری دادی بێت .
٢. وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە هەر کاتێ پێویستی بە دامەزراندنی لێکۆڵەری دادی بوو ،خولی لەو جۆرە بۆ داواکارانی پلەگۆڕین دەکاتەوە ..
٣. ئەو فەرمانبەرەی مووچەی وەستاوەوکاتی پلەبەرزکردنەوەی هاتووە ، ناونیشانی بەپێی یاسا دەگۆڕدرێت ئەگەر لە میلاکیش پێویستی بە ناونیشانەکە نەبێت .

٤. داواكاری ناونیشان گۆڕین لەفەرمانگەكانیانەوە، دوای پەسەند كردن و پێشنیاركردنیان ، بۆ وەزارەت بەرزدەكرێتـەوە، وەزارەتـیش كـەبینی مەرجـەكانی ناونیـشان گـۆڕینی لێبـەدی دەكرێـت ،روانـەی لیژنـەی ناونیـشان گـۆڕینی لـە وەزارەت دەكـات و، ئـەویش دوای هەڵـسەنگاندن ولێتۆژینـەوە لـە مەرجـەكانی پێویـست دەیگێڕیتـەوە دیـوانی وەزارەت و راسپاردەی خۆی هاوپێچ دەكات .

٥. دوای رەچـاوكردنی خاڵـەكانی سـەرەوە،وەزارەت بـۆی هەیـە ، ئەگـەر بـینی پێچەوانەی یاساو رێنماییەكان نیە، بڕیاری ناونیشان گۆڕینی بۆ دەربكات،ئەگەرنا،رەتی دەكاتەوە.

ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە / /٢٠٠١ كاری پێدەكرێت .

**هـادی علـی**
**وەزیـــــری داد**

---

**وەزارەتی شـارەوانی و گەشـت و گــوزار**
**فـەرمانگـەی یاسـا**
**ژمـارە : ٢٢٦٩**
**رۆژ : ٢٠٠١/٥/٢٠**

**" بـەیــــان "**

بە پێی ئەو دەسەلآتەی كـە پێمـان دراوە بـە گـوێرەی مـاددە (١١) لـە یاسـای بـەڕێوەبردنی شارەوانیەكان ژمارە / ٦ ساڵی ١٩٩٣ی هەمواركراو و ، بـە پێـی بڕیـاری ئەنجومـەنی شـارەوانی دیانا ژمارە (٥) لە ٢٠٠١/٣/٢٥ وە بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی سۆران ژمارە (٢) لە ٢٠٠١/٢/١٩ وە لەبـەر فـراوان بـوونی سـنووری شـارەوانی سـۆران و زیـادبوونی دانیـشتوانی وای لێهـاتووە شارۆچكەی دیانا وەك گەڕەكێك لە ناوەندی شاری سۆران بێت و بكەوێتە ناو نەخشەی بنـەڕەتی شاری سۆران . بڕیارماندا بە :

١. یەك بوونی شارەوانی دیانا و سۆران .
٢. ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی بلأوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمی .

**مەئمــون نــور محمـد بریفكـــانی**
**وەزیـــــری شـــارەوانی و گەشـت و گـــوزار**

ئـــەرشـیـفـی رۆژنـــامـەی وەقـــایـع
www.mojkurdistan.com